*لە یادی نەورۆز ،*

# بۆعەزیزی(شاهروخ)ی عەزیز !

**بۆ گوێگرتن لە گۆرانییەکی شاروخی**
**کلیکی ئێرەبکە**

محەمەدی کەریمی
رۆژنامە نووسی سەر بە خۆ

سڵاو عەزیزەکەم،

لە دوورەوە تانزیک کۆڵانە تەنگ و باریک وخێچ و خوارەکانی مەهابادی کۆن و سابلاغی دێرین، سڵاو بۆ تۆ ئەی یاری جوان. لەو کوچە و کۆڵانانەی کە بە پێچێک یان دوو پێچ خللۆر دەبنەوە بەر دەرگەی ماڵی پێشەوای نەمری کورد و دەگەیبە بەر دەم دەفتەری کاری یەکەم سەرەک کۆماری کورد، قازی محەمەدی هەمیشە زیندوو ، هەموو کاتێک عەزیزی شاهروخم لە ماڵی خۆی و لەو کۆڵانانەدا دەدیتەوە. جیرانی ماڵی پیشەوای مەزنی کورد بوو. ناخودئاگە کە دەگەیشتیە ماڵی شاهروخ باسی کوچە و کۆڵانی کۆن و قەدیم و پێشەوا و کۆمارو...... شاهروخ خۆی زەق و زیندوو بەرەورووت دانیشتبوو ، هەموو هەستی شاهروخ و سەرتاپای گۆرانی و مەقام و ناڵەی ئاوازەکانی شاهروخ تێکەڵاوی ئازادی و سەربەستی و ئەوپەڕی ئەشق و خۆشەویستی و پاکیە، لە پڕ بەدەرون دەکوڵا و هەرکە دەهاتە جۆش ،دەخرۆشا و.....سڵاو بۆ تۆ ...... سڵاو لەو تەبیعەتە جوانەت، عەزیزی شاهروخی گوڵ، مامۆستا و بولبولی دەنگ خۆشی کورد.

تۆ دوور و من دوور هەردوو هەر دوورین. هەموو لە یەک دوورین. دووریان خستووینەتەوە، تەنانەت لە پاڵ یەکتریشدا. چەند بە وریایی و لە سەرەخۆ و کاری وکارایی...... دەسا وەرن با بە فرمێسکی خەم رووباریک ئارەقە لە جێی خوێن، لە نێوان مناڵە ژینتاڵەکانمان هەڵبەستین.

شەوە زەنگی کاروانی ئێمەی هێشتەکەیش بەستەزمان و دواکەوتە لە پێشکەوتنی زەوی و زەمان و دوورکەوتە لە خۆشی و چی حەسانەوەو بەختەوەری و غەریب و وێل و ئاوارە و سەرگەردان بە دوای ئەوەی کە شایانی مرۆڤ و جیهانی مرۆڤایەتییە و تەنانەت لە دوای پتر لە دووهەزارو پێنج ساڵی زایینی و لە سەرەتای هەزارەی سێهەمی ئەم عەسرە پڕ لە دەردی سەریـــە، کۆیلەتی و نەهاتی و نەگبەتی، لە بۆ ئێمەی کوردو کوردستانی هەروا بە ڕێوەیەو لـۆ .......!کەچی ، من و تۆ و ئێمە و ئەوان و بە گشتی هەمووان، گیرۆدەی بێکەسی و نەزانینن. نابەڵەد و سەرلێشێواو، هەمدیسانەوە لە داو بەندی من و منمنۆکێی ئەملا و ئەولادا بێ سووچ و بێتاوان و نابەڵەد دەخولێنەوە.... دەتلێنەوە و دەتوێنەوە خول بە خول و هەنگاو بە هەنگاو و هەر یەکەی لە ڕێگەیەکەوە....! دەک چ گیان

سەختین ئێمە کە هەروا لەم بارەدا ماوینــەتەوە.! چەنێک ڕاستی گووتووە ئەو زاتە پاکە کە دەفەرمێت : ســەفەری نابەڵەدی زۆر ناخۆشــە.

تۆ بڵێی هەمدیسانەوە، بای شــەماڵێکیتر هەڵنەکاتەوەو بەزم و خۆشی و شادی ئەو ڕۆژە خۆشانەی جاری جارانمان بۆ زینــدوو نەکاتەوە.؟
شــاهروخ ، ئەی بولبولە دەنگخۆشە ژیکەڵانەکەی کورد تێی چریکێنــەوە........ شەماڵەکەی ساڵانی ڕاپەڕینم بۆ بڵێرەوە...... هەڵکەوە جارێکیتر، ئەو چرایەی کە سوبحـدەم وە پێـکەنێن دەهێنێت..... نەوەی تازەیش پێ خۆشە گوێیان لێبێت و ئەیانەوێت بزانن، درختی باخی عالەم چۆن بــەر دەهێنێت و ژیان و ژینی ئازادی و سەربەستی مرۆڤ چلۆن پێ دەگرێت و سەر دەکەوێت......!سەیری کە هەموو وەک یەک بە یەکدەم چڵ بە چڵ دەگرین. مناڵەکان ، ئەی برسییە ژین تاڵەکان...... هەبوو ، نەبوو ..... ڕۆستەمی زاڵی سەنگەرمان ترسەنۆک بوو، فەیلەسووفمان فاڵچین بوو.......!

سڵاو ،لەو تەبیعەتە جوانەت شــاهروخی عــازیز. بژی بە سەربەرزی ، بــە نان و ئاوێک . ســەر دامەنەوێنــە بۆ هەموو ناپیاوێک .....!

چ خۆشی گووتووە خەیام ، ئەو شاعیرە هەمیشە زیندووەی هەرسێ جیهانی دیار و نەدیاری کاتی و ڕابردوو و داهاتوو...... چەنێک جوانیشی تەرجمە کردووەتەوە ئەو پیری ڕەند و مەندی خراباتی و کوشتەی دەستی ئازادی ، مامە هەژاری موکریانی و ئەتۆیش چەندە بە سۆز و جۆشەوە گووتووتەوە، ئەی شاهروخی دەنگ بەرز و سەربەرزی کوردستـانی، جێنشینە بەر هەقەکەی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی نەمر و...... دەسا ، هەمدیسانەوە، دووپاتە و چەندپاتەی کەرەوە....... ئەژدەهاک و زوحاک و زاڵم و قەلبی من بچرێنەوە و سەرلە نوێ تێیبچریکێنەوە، ئــەی زاڵــم نەمێنــی ....!کور دەڵێ هەر کەسێ دەبێتە باعیسی دوو دڵانێ ،خێر و خۆشی لە ماڵە خۆی نەبێنێ..... ئەی زاڵم نەمێنی!

هێشتەکەیش، ڕەنگ وبۆی زوڵم و زۆری زۆرداری ناکەس و ناوەرۆکی زێڕ و زێوی چەوسێنەرانی شارولادێ و روخساری ڕاستەقینەی دزە دێزەکانی شەو ڕۆژی ماڵ و حاڵ و ژیانی گشتی خەڵکی و هەروەها، هەڵم وهاڵاوی بەدەکی ناوەکی و ئەبزار یەدەکی وێرانگەری دەرەکی، ئاو و خاکی پاکی ئەم کوردستانە جوان و شیرین و ڕەنگینە، لۆ زۆربەی مناڵانی تەنانەت دوێنێ و پێرێش شاراوە و بە داپۆشراویی ماوەتەوە. چ بگات بە حەد و مەرز و سنوری کۆمەڵی وێرانکراوی ئەمرۆ و سبەینێی تاریک و نادیار........ ژیان و ژینی مناڵەکان هەروا تاڵە و ناخۆشترە لە جاری جاران.

برسییە ژین تاڵەکان و هەموو لایەک پێویستییان بە یارمەتی گشتییە.
یاخی بوونی برسی شتێکی سروشتییە و ئاسایی، گەرچی غەیری یاسایش بێت.
شەونامەکەی شاعیری تینوی گەلی کوردیان بۆ هەڵدەوە، ئەو مەزنەی کە شەو نییە خەونمان پێوە نەبینێت و ڕۆژ نییە لێمان تورە نەبێت. دەنگ هەڵبرە و هەمدیسانەوە بچریکێنەوە و ئاوازی مناڵەکان بۆ مناڵە برسییە ژین تاڵەکان بە ئاهەنگ و نەوای دڵی پڕلە سۆز و بە جۆش و خرۆش لــە گەروی زێڕینی خۆتـا بیڕازێنەوە و بیلەرێنــەە........ دەڵێن : ڕۆژی ئازادی گەلانی جیهانە، سەردەمی دیموکراسی و ئاواز و ئاهەنگی هەرلایە،

بەش بەش و دابەشکردنی ئازادی و دیموکراسی و خۆشییە، بە تایبەتی لە رۆژهەلاتی بە قورِێ گیراوی خاوەری میانە و لە ناوەراستی شەرق الوەسەتی ناوین و....... هەر بۆیە پێویستە خەونەکەی پەشێوی زانا بۆ منالە چاوگەشەکانی کورد و بۆ هەموو برسییە ژین تالەکانی ئەم ولاتە لەت لەتە بگێڕیتەوە. وادەی ناشتنی تەرمی پائیزە و دەنگ هەلبرِە و سەرهەلدەوە بۆ جارێکی تر و منالەکانمان بۆ بخوێنەوە....!

منالەکان !
شەو لە خەوما
رِێبوارێک بووم،
بەرەو بارەگەی یوتان دەچووم.
کە دەروەازەکەی قووتی دام.
سپیم بینی ئالای هەبوو.
رِەشم بینی ئالای هەبوو.
هەرچی بینیم ئالای هەبوو.
قیـژاندیان :
بۆ دەرەوە ئەی بێ ئالا.
ئەی بێ ولات.
ئەمنیش گووتم :
مەقیـژێنن.
کە چوومەوە ئەم چیرۆکە
بـۆ منالەکان دەگێرِمەوە.

نزیک بە سی سال بەر لەم رۆژ و شەو و مانگ و سالانە ، شەونامەکەی شاعیری تینوی گەلی کورد ،شیعرەکانی مامۆستای بەرز و بە توانا، پەشـێوی بە دەست وبرد و نوکتەبین و دووربینی کورد ، بە نهێنی لە گەرمێنەوە بۆ کوێسـتان گوێزرایەوە. گەیشتە دەست عەزیزی شاهروخی گول، لە گەل ئەو دە چۆلەکەیەی کە لە بەغدا سەریان برِیبوون ،گەرچی هێشتەکەیش گیانیان تێدامابوو، لە سەر دەستیان دانابوو..... منالەکان ، دوازدە وانەی زێرِینی شاعیری تینوی گەلی کورد و تەواوکەری شەونامەکەی پەشێو بوو ،کە بە داخەوە تەنیا دوو وانەی لەچاپ درابوو ، دە وانەکەی تر وەک چۆلەکە سەریان برِابوو. ئەو کۆپلە شیرینەی لای سەرەوە یەکێک بوو لەو چۆلەکە سەر برِاوانەی کە عەزیزی شاهروخ یش بە هەق زیندووی کردەوە. چەند هێندەی دیکە رۆح و گیان و هەستی بە تینی پێ بەخشیەوە. منالەکان و یاخییە ژین تالەکان وەها تێکهالان......... تاوەکوو، لــە هەولێری پێتەختی کوردستان و لە چەندمەتری بێرکوتی باوەشی دایکی خۆشەویستی پەشێو دابەزین و پەرلەمان و حکومەتی کوردانیان دامەزراند و........کاروانی ئێمەی کوردی هێشتەکەیش لەت و پەتکراو ، هــەروا بە رِێوەیە و بێچارە منالەکان هەروا چاوەرِێی چارەن و..........؟؟

یادی هەموو یاران و عازیزانی هاوسۆز و ئەوەی سازی ئاوازی خۆشە بە خێر بێت.
هەر بە خێر بێت یـادی گشت هاوسەنگەرانی ناودۆلی شیوەجۆ ، دلی ئەوکاتی شار و بەرقەدی شاخ وجەرگەی خەبات. یادی کەپکی سەرتەپکی شاخ و یادی ئاە و نالەی پرِ لە

داخی چی گوڵی ناو گوڵ و گوڵزار وچەمەنزاری تەختایی چی چۆل و دەر و دەشت و یادی بەزمی ناو باخ و یادی ڕەزمی ناو کۆخی لێوار چەم و کۆشکی رووخاوی بەردەم بێستانی قەراغ روبارەکانی گشت وڵات و یادی چی گیانبەخت و خۆشەویستی هەموو خۆشەویستەکانی کوردستان، سەدجار و هەر جارەیش بەو پەڕی ڕێزەوە بە خیربێن.

لە دوای یەکەم نەورۆزی پیرۆزی ئازادی و دوا بە دوای نەمانی شای ئێران، لەو وڵاتە ولە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە نەکاو و کوت و پڕ و زۆر بە وریایی و لە سەرەخۆ و بەو پەڕی بێ بەزەیی، نەورۆزی ئازادی بوو بە نەورۆزی خوێناوی کوردستان و مێژوویەکی نوێ سەری هەڵداو.....!دار و بەردی گەل و وڵات هەموو تێکڕا و پێکڕا ، یەکدەنگ و وێکڕا هاتنە ولام و...... یەکبوون واتە سەرکەوتن.
فرمێسکی ڕنوی کوێستانی کوردی مامۆستا هێمن لە دایک بوو. فرمێسکی ڕنو مێژووی ڕاستەقینەی سەردەمێکی ناسک و تەسکی سیاسی و میژووییە.
ئەنجومەنی فیلارمونیکی کوردستان لە سنەی خوێناوییەوە سەری هەڵدا. لە دایک بوونێکی ڕۆشنبیری و هونەریانە و ئەوەیش فرمێسکی ڕنوی کوێستانە تەمگرتووکانی کوچکە ڕەش و پیرئومەر و شەریفاوا بوو لە داوێنی ئاویدەری هەمیشە سەربەرزی سنەی خەملاویی و زیندوو. سەمفونیای کاووکێ بە هاودڵی و یەکدەنگی ئۆرکسترایەکی نزیک بە سەدکەسی لە ناوەندی ورزشگەی یارییەکانی گشتی مەهاباد دابەزی و لە ژێر باڵی ئەو پیری زانای ئەدەب و سەرمەستی فەنن و هونەر، مامە هێمنی زیندوو و بە بەشداری هەزاران کوردستانی و مەهابادی، بۆ ماوەی چەند شەو و رۆژ ، هاوڕێ لە گەڵ عەزیزی شاهروخ هاواری خۆیان بەرز کردەوە و........ سەمفونیای کاووکێ ، ئاوێنەی تەواونوێنی ڕاپەرین و بەرپابوونی شۆڕش و سەرکەوتن و شەڕی خوێناویی بەهاری 1358ی کوردستان بوو، کە بە شەڕی سێ مانگە لە مێژوودا ناوبانگی دەرکردوە.

ئەوە بۆ یەکەمجاربوو کە گروپێکی بە هێزی بەم جۆرە و بە بەشداری نزیک بە سەد مووزیسێنی کورد بە تایبەتی کچی کوردی لە ساحەی کوردستاندا خۆی ڕێکدەخست و خۆیان دەردەخست. ئەم ڕاپەڕینەیش لە ناوەندی هونەرە جوانەکانی سنە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرپا کرا، شاەکارێکی هونەری گەورە بوو، لە ڕادەیەکی مەزندا. سازدەر و داڕێژەری سەرەکی ئەو ئەرکە مێژووییەیش بە ناوی مامۆستا ئیقبالی حاجبی تۆمارکراوە. ناوبراو لە دایکبووی کوچە و کۆڵانە مێژووییەکانی شارە جوانەکەی سنەی سەربەرزە. ئێستەکە یەکێک لە مامۆستاکانی هونەری باڵایە لە ئەڵمان. ئەوەی کە مامۆستا هێمن لە مەراسیمی رۆژی کۆتایی سەمفۆنی کاووکێ و بەزمانی خۆی لەمبارەیەوە بەیانی دەکات، بۆ گووتنی ئەو ڕاپەڕینە مەزنە و بۆ باسی ئەم نووسینە بەسە. مێژوویەکی کە تۆمارکراوە و ماوە و زیندووە. لە تاقچەی نهێنی ومێژوویی زۆر لە رۆشنبیرانی کورددا پارێزاراوە.

ئەوکاتی، حیزبی دیموکرات و لە سەرو هەمووانەوە دوکتورقاسملوی مەزن و بەڕێزان کاک جەلیلی گادانی و کاک حوسێنی مەدەنی و مامۆستاهێمنی رەحمەتی کە تا ئەوکاتی هێشتەکە بازنشست و خەلات نەکرابوو ، پاڵپشتی تەواویان لەو ڕاپەڕینە ڕۆشنبیرییە کرد بە تەواوی ماناوە و تەنانەت لە کاتی ئاوارەیی و دەربەدەرییەکانی گشت ئەندامانی ئەنجومەن و....... داخەکەم شەڕ و ئاکامی بەدخولقی شەڕ و خالق و خولقێەنەرانی

شەڕ، ماڵ وحاڵ وژیان وگیانی گشت لایەکمانی و هەر یەکەی بە جۆرێک هەڵلووشی و زۆری بە گل داپۆشی.....!بە نیازی یادی شاهروخ ، ناو و یادی خۆشەویستانی دیکەی گەل و نیشتمانیش گەیشتنە یاد. یادی گشت ئەوانەی وا لە ناو دڵی خەڵکا ئەژین، بە بێگومان هەر بە خێر و هەر بە سەلامەت دێنە گۆ. بەڵام ، واباشە ئێمەی کوردیش وەک مرۆڤگەلی پێشکەوتە وتێگەیشتووی سەر گۆی زەوی ، بەرلە ماڵاوایی و کۆچی دوایی عازیزان، یاد و ناو و ئەرکی هونەرە مەزنەکان و ژن و پیاوە گەورەکانمان بەرز و بە ڕێزەوە ڕایان بگرین.

شاهروخ هونەرمەندێکی مەند و رۆشنبیرێکی مەرد و ڕەندە. هونەرمەندێکی بە ئەمەکی خەڵکییە و هەر بۆیەیشە کە وا لە ناو دڵی خەڵکا دەژی ، بە تایبەتی لە مەکۆی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان و لە مەهابادی شەهید. سەربەرزی و هەژاریی،گەرچی پیشەی شاهروخی هونەرمەندە، بەڵام لەوەیدا کە هونەرمەندانی بە ئەمەکی خەڵکی خاوەنی مایە و سەرمایەیەکی واقیعین و ئەوەیش خۆشەویستی ڕاستەقینەی خەڵکییە ، هیچ شک و گومانێکی تێدانییە.

پتر لە سی ساڵە کاک عەزیزی شاهروخ لە نزیکەوە دەناسم. زۆری لە گەڵ ژیاوم. زۆرکات و زۆر شەو رۆژ و مانگ وساڵان لە تەکیا، هاودەم و یەکدڵ و هاوفریاد بووم. من لە ڕادیۆ وتەلەڤیزیۆنی مەهاباد و شاهروخ لە دایرەی فەرهەنگ و هونەری مەهابادوە، هاورێ و هەڤالی یەک سەنگەری فستیوال و جێژنوارەکانی سەرانسەری ئێران و کوردستانی ولە حەفلە و پرۆگرامە تایبەتییەکانی شاهروخ لە گشت شارەکانی بۆکان و مەهاباد و ورمێ و لە سەقز و سنە و لە سەردەشت و بانە و لە تاران و ئیسفەهان و شیراز و قزوین و زەنجان و ڕەشت و ڕامسەر و شەهسەوار و نور و..... هاودەم و هاوسۆزی کارە هونەرییەکانی شاهروخ بووم، وەک بێژەر و بەرێوەبەری بەرنامەکانی.
جیا لە هونەر، ئەدەب و مەعریفەت و شەخسییەت و هەیبەتی کۆمەڵایەتی شاهروخ بە وێنەی دەنگی بەرزی بەرزن.
شاهروخ بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و هونەری بۆکان و مەهاباد بوو لە وەزارتی فەرهەنگ و هونەری حکومەتی پێشووی ئێراندا و لە ناوەندی مەهاباد. لە زەمانی شا بە تاوانی کوردبوون5 ساڵ زیندانی سیاسی کێشا و لە حکومەتی کاتی ئێرانیش لەسەر کار وەلانرا و زیاتر کەوتە ناو دڵانی خەڵکەوە..... نەبەزی و بە زەحمەتکێشان کۆڵی نەدا، لە بان پای خۆیدا ڕاوەستا. ئێستەکە خاوەنی کۆمپانیای پەخشی هونەری گورانی کوردییە بە ناوی ستریۆ شاهروخ لە مەهاباد کە هەر خۆی سەرپەرشتی دەکات.

عەزیزی شاهروخ ، لە ماوەی تەمەنی دوور و درێژی کاری هونەری خۆیدا توانی زۆر مامۆستایانە و بەو پەڕی هەستەوە، وێنەکانی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی زیندوو بکاتەوە. سۆزی تایبەتی حەسەن جەزراوی بوژاندەوە و کاووکێی سەرلەنوێ گەشاندەوە.شاهروخ بە وێنەی تاهیر تەوفیقی نەمر ،جۆش و خرۆشی خەڵکی وەزاڵەهاتووی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زرینگاندەوە. گەرچی لە هەموو کات و سەردەمی ژینی هونەریدا هەمە جۆرە کەند و کۆسپی لاڕێی بۆ هاتووەتە ئاراوە، بەڵام شاهروخ سازی ناسازی سۆزی شیعر و ئاهەنگ و دەنگی سیحراویی مامۆستا سالح دیلانی رەحمەتی بوو لەمدیو گەرمێنەوە. شاهروخ بووە مەکتەبی وانە و گووتنەوەی شیعرە

بەرزەکانی گۆران و پەشێو و هێمن و هەژار و سوارە و محەمەدی نوری و ئەحمەد هەردی و وەفایی و....... بە دەنگی بەرزی پڕ لە ڕەمز و ڕازی شاهروخی عەزیز. شاهروخ و کۆمەڵی ئاهەنگەکانی دەستکردی خۆی وەک پیرە هەڵۆ ، شەماڵ ، سڵاو بۆ تۆ ، دەتپەرستم ، ئاسمانی شین، تۆ دەریامی ، کۆمەڵەشاخ ، شەوی تەنیایی و مەقامی تکا و مناڵەکان ، ئەی یاخییەژین تاڵەکان و......... تێکرای کارەکانی شاهروخ هەر کام گەنجینەیەکن لە ناو خەزێنەی هونەرە جوانەکانی گۆرانی ڕەسەنی کوردەواری. یادی عەزیزی شاهروخ و گشت هاوکارەکانی تیپی موسیقای شاهروخ واتە مامۆستایان : قادر سەیاحی ، ڕەشیدی فیزینیژاد ، فاروقی مەتین ، خانەی ئەحمەدزادە ، حوسەینی ڕەهبەر و بەهمەنی مەتلوب و جەعفەری مینایی و سمایلی شاهی و محەمەدی دانش و یۆسفی ئەفراسیابی و مهاجر و نیک بین..... یادی هەموو هونەرمەندێکی مروارید و لە سەر دڵانی خەڵکی، لە هەر شوێنێک کە هەن بەخێر و سەلامەت بن.

یادی نەورۆزی ساڵی 1976 و ئەو نەورۆزەی کە چریکەی سوبح پێ ناکەنێی عەزیزی شاهروخ لە هۆڵی کۆشکی لاوان ( کاخ جوانان ) ی سنەوە و بە پاڵپشتی ڕاستە و خۆی ڕۆشنبیرانی کوردستانی و بە بەشداری هەزاران کەس بەرز و بەرزتر بووەوە و لە کە مترین ماوەدا لە سەرتاپای کوردستان دەنگی دایەوە......... یادی بە خێـر! ئەو کات و ئەو ڕۆژانە، سەرەتاکانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بوو....... ئێستەکە و لە دوای نزیک بە سی ساڵ سنە هەروا ناوەندی ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی بە تواناو ڕاستگۆ و بە دەست و بردە، لە ساحەی ئێران و تەنانەت لە بەرەکانی بەر بەرەکانێ و ململانییەکانی دنیای هونەر و لە جیهانی نوێدا بە تایبەتی و....... یادی سەروەرانی بە یادماندنی : فەروخی ریاحی و عەلائەمین و جەلالی مەلکشاو ناسەرڕەزازی و سولیمانی بلوری و جەمال موفتی و پۆلا نانەوازدە و ئیقبالی حاجبی و فەرهادی بابان و حەمە عەلی و بەهروز کوردئەحمەدی و یادی لە 1975 وە تاوەکوو ئەم نەورۆزە پیرۆزەی 2005 ی زائینی بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانیەوە هەر بە خێر بێت. لە تەنیشت گۆرە پیرۆزەکەی یەکەم سەرۆک کۆماری کوردەوە ، یادی سێ شۆرەسواری ڕێگەی ئازادی و هەر سێ جوانەمەرگی ڕێگەی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری، هەژار و هێمن و مامڵێ بە خێر بێت، ڕەوانیان شاد و گۆڕیان پڕ لە عەتر و گوڵی عەنبەر نەسیم بێت.

وەک چۆن یاد و ناو و هونەری هونەرانی نەمر سێوە و حەسەن زیرک و عەلی مەردان و تاهیرتەوفێق وسالح دیلان و حەسەن جەزراوی، تێکەڵاوی مێژوو بوون و مێژوو دەژێنن و هونەری مێژوو دەژەنن و نەمران هەمووکات و لە هەر سەردەمێکدا زیندوون. شاهروخ و دەنگی سیحراویی شاهروخیش لە مێژە تێکەڵاوی بەشێکی مێژووی هونەر و گۆرانی ڕەسەنی کوردی بووە. هەر هونەر نەمرە و هونەرمەند.......؟ تۆ بزا ئەوەی ئەهلی هونەر بێت دەبێ یادەربەدەر یا دەست بە سەر بێت.!

دیسانەوە نەورۆزە. نەورۆزی گشت لایەک پیرۆز و هەموو رۆژێکتان نەورۆز.
نەورۆز و رۆژی نوێ. نەورۆز و جێژنی کۆنی کوردە بە خۆشی و هاتەوە...... یادی شەهیدبوونی هەڵەبجە و نەورۆزی کورد وەک هەموو ڕۆژێکی کورد ئاگرێکی کردووتەوە........ لەم رۆژەدا و دەنگی ئەوکیژە ژیکەڵانە کوردە نەشمیلانەی هەڵەبجە کە یادی مناڵی خۆی و شەهیدبوونی شارەکەی و چۆنیەتی خنکانی کەس وکاری خۆی بۆ

ئامادەبووانی بەشدار لە مەراسیمی یادی هەڵەبجە و لە هوڵندا، دەگێڕایەوە........چاوت لێی بوو کە دار و بەردی هێنایە گریان. هەر ئەو کاتە کەوتمە یادی تۆ شاهروخی عەزیز و لە ناو جەغزی سۆزی دەروونی پڕ گڕی تۆ، هیچ لە بیرتە.؟ لەم کاتگەلەدا، دەنگی شاهروخ چڵۆن گەرم دادەهات و بە جۆرێک دەهاتە جۆش و خرۆش، کەلیپاولیپ هەستی پاکی لێوە دەڕژا. چ دوڕڕێکی گرانبەهای هەڵدەڕشتە سەر سفرەی دڵی دەردەداران و گوێگر و بینەری تەنانەت دڵڕەقیشی دەتەزاند و..... دەنگی شاهروخ زور جار سنورە دەستکردەکانی بەزاندووە و ئەویندارانی کوردی لاواندووەتەوە.
مێژوویش دەڵێت : هەر هونەر نەمرە. هەر بۆیە زۆر باش ئەزانم کە شاهروخ هەمیشە زیندووە. بەڵام شاهروخ هێشتەکە زیندووە و مێژوو ، هەمدیسانەوە و سەرلەنوێ پێویستیان بە ژن چاک و بە پیاوخاسان هەیە. تاوەکوو سەر لێواری سەرکەوتنی ئێجگارکی و گەیشتن بەحەسانەوەی گشتی و تا وەدەستهێنانی بەختەوەری وخاترجەمی ، مناڵەکان ، پێویستیان بە پاڵپشتی گشت لایەکمانە.......! چاوەڕێی هیمەتی والا و هەموو لایەکمان و نیازمەندی بەرژەوەندی باڵای گشتین.!

یادی عەزیزی شاهروخ و گشت هونەرمەندانی پاک سرشت بە خێر بێت.

نەورۆزی 2705 ی کوردی رێککەوتی
مارسی 2005 ی زائیینی
سوئد . ستۆهکۆلم